# کۆت وزنجیر کردنی شەیتانەکان لە ڕەمەزاندا

< کوردي >

## ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام

وەرگێران:دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# تصفيد الشياطين في رمضان

< كردي >

موقع الاسلام سؤال وجواب

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

IslamHouse.com

# کۆت وزنجیر کردنی شەیتانەکان لە ڕەمەزاندا

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار** : حەزم دەکەم پرسیاری ئەوە بکەم، ئێمە هەموو دەزانین کە لەمانگی ڕەمەزاندا شەیتانەکان کۆت وزنجیر دەکرێن، خوای گەورە پەنامان بدات لێیان، وە حەزم کرد بیشپرسم ئایا جادووگەرەکان، نەفرینی خوایان لێ بێت، لەم مانگە پیرۆزەدا ئیشی خۆیان دەکەن ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڵێ، شەیتانەکان لە مانگی رەمەزاندا هەندێك جار وەسوەسە بۆ مرۆڤەکان دروست دەکەن، وە هەروەها جادووگەرەکانیش هەندێك جار ئیشی جادوگەری خۆیان دەکەن، بەڵام بێگومان ئەوانە کەمترن لە مانگی ڕەمەزاندا، چونکە لە پێغەمبەری خوداوە ( صلى الله عليه وسلم ) ثابت بووە، کە فەرموویەتی : {إِذَا دَخَلَ رَمَضَانُ فُتِّحَتْ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ ، وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ جَهَنَّمَ ، وَسُلْسِلَتْ الشَّيَاطِين } [رواه البخاري (3277) ومسلم (1079) ] .

واتا : کاتێك مانگی ڕەمەزان هات، دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە، ودەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن، و شەیتانەکان کۆت و زنجیر دەکرێن، لە ڕیوایەتی ئیمامی نەسائی یدا ئەم زیادەیەی هەیە{وَتُغَلُّ فِيهِ مَرَدَةُ الشَّيَاطِينِ} [ سنن النسائي (2106) ], واتا : جنۆکە خراپەکانیش کۆت دەکرێن .

ئەمەش مانای ئەوە نیە کە شەیتانەکان بەیەکجاری کاریگەریان نامێنێت، بەڵکو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شەیتانەکان لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا لاواز دەبن، بە شێوەیەك ئەو کاریگەریەی کە لە غەیری ڕەمەزاندا هەیانە لە مانگی ڕەمەزاندا ناتوانن بەو شێوەیەی پێشووتر ئەنجامی بدەن، وە پێدەچێت مەبەست لەوە بێت ئەوانەی کە کۆت وزنجیر دەکرێن زۆر خراپەکارەکانی ناو شەیتانەکان و ناو جنۆکەکان بن، ئەوانەی کە خۆیان بۆ خراپەکاری یەکلایی کردبێتەوە نەك هەر هەموویان کۆت وزنجیر بکرێن ..

ئیمامی قورطبی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی : فَإِنْ قِيلَ كَيْفَ نَرَى الشُّرُورَ وَالْمَعَاصِيَ وَاقِعَةً فِي رَمَضَان كَثِيرًا فَلَوْ صُفِّدَتْ الشَّيَاطِينُ لَمْ يَقَعْ ذَلِكَ ؟ فَالْجَوَابُ : أَنَّهَا إِنَّمَا تَقِلُّ عَنْ الصَّائِمِينَ الصَّوْمَ الَّذِي حُوفِظَ عَلَى شُرُوطِهِ وَرُوعِيَتْ آدَابُهُ.

أَوْ الْمُصَفَّد بَعْض الشَّيَاطِين وَهُمْ الْمَرَدَةُ لَا كُلُّهُمْ كَمَا تَقَدَّمَ فِي بَعْضِ الرِّوَايَاتِ.

أَوْ الْمَقْصُودِ تَقْلِيل الشُّرُورِ فِيهِ وَهَذَا أَمْر مَحْسُوس فَإِنَّ وُقُوع ذَلِكَ فِيهِ أَقَلّ مِنْ غَيْرِهِ, إِذْ لا يَلْزَمُ مِنْ تَصْفِيد جَمِيعهمْ أَنْ لا يَقَعَ شَرّ وَلا مَعْصِيَة لأَنَّ لِذَلِكَ أَسْبَابًا غَيْرَ الشَّيَاطِينِ كَالنُّفُوسِ الْخَبِيثَةِ وَالْعَادَات الْقَبِيحَة وَالشَّيَاطِينِ الإِنْسِيَّة اهـ [ من فتح الباري ] .

واتا : ئەگەر بپرسن وبڵێن : باشە ئێمە لەمانگی ڕەمەزاندا خراپە و تاوان وگوناهی زۆر دەبینین کە ئەنجام دەدرێت، ئەگەر بهاتایە شەیتانەکان کۆت و زنجیر بکرانایە ئەمە ڕووی نەدەدا ؟

لەوەڵامدا ئەڵێم : مەبەست لێی ئەوەیە ئەو شەیتان وخراپەکارانەی ناو جنۆکەکان کاریگەریان لەسەر ڕۆژووەوانان کەم دەبێتەوە، ئەو ڕۆژووەوانانەی کە پارێزگاری لەڕۆژوەکانی خۆیان دەکەن و موراعاتی مەرج و ئادابەکانی دەکەن .

یان وەك ووتمان مەبەست لە کۆت وزنجیری شەیتانەکان، ئەوانەیان بێت کە زۆر خراپەکارن و خۆیان بۆ لەخشتەبردنی باوەڕداران تەرخان کردووە، نەك هەموو شیەتانەکان، وەك لە هەندێك لە ڕیوایەتەکاندا ئاماژەی پێدراوە .

یان مەبەست لێی ئەوە بێت : کە لەمانگی ڕەمەزاندا خراپەکاری و شەڕو تاوان وگوناه کەمتر دەبێتەوە، ئەمەش شتێکە و هەست پێکراوە کە تاوان و گوناه لە مانگی ڕەمەزاندا کەمترە لە غەیری ڕەمەزان، هەروەها کۆت و زنجیر کردنی هەموو شەیتانەکانیش ئەوە ناگەیەنێت کە ئیتر خراپە وتاوان و گوناه نەکرێت، چونکە هۆکار گەلێکی تر هەیە کە غەیری شەیتانیش ڕۆڵیان هەیە لە کردنی تاوان وگوناهدا، وەك دەروون و نەفسی پیسی مرۆڤەکان، وداب ونەریتی خراپی کۆمەڵگە، وشەیتانی ناو مرۆڤەکانیش، هەموو ئەمانە هۆکاری ترن بۆ ئەنجامدانی تاوان و گوناهـ ..

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام ..